هەڵبژاردنی سەرکایەتی ئەمریکا بەرەو کۆتایی دێت و ئەنجامە بەراییەکان ئاشکرا دەکرێن



بەمەبەستی هەڵبژاردنی سەرکایەتی لە ئەمریکا کە تیایدا کاندیدی کۆماریەکان، دۆناڵد ترەمپ و کاندیدی دیموکراتەکان، کامالا هاریس پێشبڕکێ دەکەن و هەڵبژاردنی کۆنگرەس، هاووڵاتیان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا کارەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرکایەتی و کۆنگرەس بەرەو کۆتایی دێن.

لە هەڵبژاردنی سەرکایەتییدا کاندیدی دیموکراتەکان، کامالا هاریس کە پاش کشانەوەی سەرکی ئەمریکا، جۆ بایدن بوو کاندیدی پارتەکە و کاندیدی کۆماریخوازەکان، دۆناڵد ترەمپ کەبەکە دەکەن.

هەروەها بۆ پێستی جێگری سەرۆک لە کۆماریەکان سیناتۆری ویلایەتی ئۆهایۆ، جەیمس دەیڤد ڤانس و لە دیموکراتەکان حاکمی مینیسۆتا، تیم والز کەبەکە دەکەن.

هاووڵاتیانی ئەمریکا لەپاڵ سەرکی نوێی وڵات ئەندامانی هەردوو باڵەکەی کۆنگرەس هەڵدەبژێرن، لە نۆیاندا تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە 435 کورسیە، لەگەڵ 33 کورسی ئەنجوومەنی پیران لە کەی 100 کورسی.

لە ئەمریکادا کە سێ ناوچە کاتی جیاوازی بوونی هەیە، دەستپێکردن و کۆتاییهاتنی وادەی دەنگدان

بڕیاری ویلایەتەکان جیاوازە.

کارکانی دەنگدان لە نیویورک و ڤەرجینیا کاتژمێر 6:00 (2:00 نیوەڕۆ بەکاتی هەولێر) و لە ویلایەتەکانی فلۆریدا و پێنسیلڤانیا کە گرنگترین ویلایەتەکانن، لەگەڵ واشنتۆن دی سی کاتژمێر 7:00 (3:00ی نیوەڕۆ بەکاتی هەولێر) دەستپێکرد.

سندوقەکانی دەنگدان لە ویلایەتەکانی فلۆریدا و ڤەرجینیا لە کاتژمێر 7:00(3:00 بەکاتی هەولێر)، لە واشنتۆن دی سی و پێنسیلڤانیا کاتژمێر 8 (چوار شەممە 5:00 بەکاتی هەولێر)، لە نیویورک کاتژمێر 00:8 (5:00 بەکاتی هەولێر) دادەخرێن.

ئۆ کاندیدی لە هەڵبژاردنی سەرکایەتییدا سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت لە 20ی کانوونی دووەمی 2024دا سوێندی یاسایی دەخوات و بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێتە 47هەمین سەرکی ئەمریکا.

لە نزیک سنووری کەندا لە ویلایەتی نیو هامپشیری ئەمریکا، کاتکانی نیوە شۆ کارکانی دەنگدان دەستپێکرد و لە گوندی دیکسڤیل نۆتچکە شەش کەس دانیشتوانی ئۆ گوندەن، کاتژمێر 00:00 چوونە دەنگدان.

دوای دەنگدانی ئۆ شەش کەسە و جیاکردنەوەی دەنگکانیان، سێ کەسیان دەنگیان بە هاریس و سێ کەسی دیکەیان دەنگیان بە ترەمپ دابوو.